# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی کردووە: لە ئەو کەسەی قژی دەستکرد (یان قژی کەسێکی تر) دەبەستێت ولە ئەو کەسەی کە داوا دەکات قژی دەستکردی (یان قژی کەسێکی تری) بۆ ببەسترێت بە قژی خۆیەوە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی کردووە: لە ئەو کەسەی قژی دەستکرد (یان قژی کەسێکی تر) دەبەستێت ولە ئەو کەسەی کە داوا دەکات قژی دەستکردی (یان قژی کەسێکی تری) بۆ ببەسترێت بە قژی خۆیەوە، ولە ئەو کەسەی کە خاڵ -تاتۆ- دەکوتێت ولە ئەو کەسەیش کە داوا دەکات بۆی بکوترێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای بە نەفرەت ودوورخستنەوەی کردووە لە ڕەحمەتی الله -سبحانه وتعالى- بەسەر چوار چیندا: یەکەم: ئەوەی قژی خۆی یان قژی یەکێکی تر دەبەستێتەوە بە قژی کەسێك. دووەم: ئەوەی داوا لە کەسێك دەکات کە قژی یەکێکی تر ببەستێتەوە بە قژی خۆی. سێیەم: تاتۆکار ئەو کەسەیە کە بە دەرزی وهاوشێوەکانی شوێنێکی سەر لاشە کون دەکات وەکو ڕوو یان دەست یان سینگ یان هەرشوێنێکی تر، پاشان کل وهاوشێوەکانی دەکاتە نێو ئەو کونانەوە بۆئەوەی شوێنەوارەکەی لەسەر پێست بە ڕەنگی شین یان سەوز یان هەرڕەنگێکی تر دەربکەوێت، وبۆ جوانی ورازاندنەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت. چوارەم: ئەو کەسەی داوا دەکات تاتۆی بۆ بکرێـت. ئەم کردەوانە لە تاوانە گەورەکانن.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee